# پێشکەشی

ڕەحمان سۆفی زادە

نازەنین!
ئەوکاتەی کە
پڕشنگی چاوەکانت
نیگای پڕمانات
ئاوێنەی دڵمی پێکا
ئاوێنەی ناسک بوو،
چڕژا و شکا.

تەزووی چڕژان و شکان
بەدەمارەکانمدا گەڕا
بەلەشمدا هات و چوو
دەمارسڕ بوو
لەش کەوتە لەرزین

ئەوەی کە بۆم ماوە
ئاوێنەیەکی شکاو،
لەشێکی لەرزۆک و
هەستێکی ماندوو

وا، ئەویشم کردوەتە
بالۆڕە و بەستە
لە گەڵ گوڵدەستەی ئەویندا
پێشکەشی چاوەکانت بێ.